

**یەکــــەم گۆرانی ... هۆنراوەی شاڵاو لە سوێد**

**مــن هۆنراوەیەکـــــم بۆت نـــووســی**
**ووشەکــانی**
**وەك‌وچـــاوت ســەوز ڕووان**
**ئەوسا خەویان لـــــێ دەباری**
**چاوەکانت**
**ووشەکـــانیش**
**هێدی هێدی هاتنە خوارێ**
**سەنگەریان گرت**
**لەسەر کـــانی لێوەکانت ...**
**شیعرێکم بۆ پەرچەمی تۆ**
**کرد بە بەیداخ**
**ئەویش لە نێو شۆستەکانی**
**شەقامی شار**
**گوڵیان گرت و**
**ببون بەبــــــــاخ**
**هەرچی دانیشتووی شار هەیە**
**هاتنە دیار باڵای شیعری ئەرخەوانی**
**بۆبەیانی**
**لە کەنالی ڕادیۆیەکی ناوەخۆدا**
**ووشەکانم وەکـــو چاوت**
**تێکەڵ ببون بە گوڵەبـــاخ**
**لەگەڵ یەکەم بەرنامەدا هاتنەخوارێ و**
**ببون بە یەکەم گۆرانی ...**

www.shallaw.info.se